کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
هەولێر، عێراق

بڵاوکراوەی ڕاگەیاندن
2013-6-10
هەولێر
بڵاکردنەوەی دەستبەجێ

نوێنەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەبەهای 330,000 دۆلار کەلوپەل و پێداویستی دەبەخشێتە ئاوارەکانی سوریا لە عێراق

لە ڕێکەوتی 6-6-2013 نوێنەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە عێراق لە ڕێی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکاوە لە هەولێر نۆ خێمەی گەورەوە کواڵێتی بەرزی بەخشیە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان. ئەم خێمانە کە بەهای هەریەکەیان 35,000 دۆلارە بەخشرانە کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان بۆ یارمەتیدانی زیاتری هاوکاریە مرۆییەکان بۆ ئاوارە سوریەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

نوێنەرایەتی ئەمریکا هەروەها شەش خەزانی گەورەی بۆ پێداویستی تەندروستی بەخشیە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە بەهاکەیان نزیکەی 15,000 دۆلار بوو.

کونسوڵی گشتی ئەمریکا پۆڵ سەتفین بەرەسمی کەلوپەلەکانی ڕادەستی بوشرا هالیپۆتا, سەرۆکی نوسینگەی هەولێری کۆمسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان و دکتۆر حەنان ئیبراهیم , نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کرد.

لەکاتی قسەکردنیدا کونسوڵی گشتی سەتفین دووپاتی پابەندی بەردەوامی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای کردەوە بۆ یارمەتیدانی ئاوارەکانی سوریا لە عێراق, وە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان کە زۆربەی ئاوارەکانی لێ نیشتەجێیە. بوشرا هالیپۆتا سوپاسی نوێنەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی کرد بۆ بەخشینەکە و ڕایگەیاند کەوا خێمەکان لە کەمپی نوێی ئاوارەکان لە هەولێر بەکاردەهێنرێن. دکتۆر حەنان ئیبراهیم بەهەمان شێوە سوپاس گوزاری خۆی بۆ ئەمریکا لە بەرامبەر بەخشینی پێداویستی تەندروستی کواڵێتی بەرز دەربڕی کەوا یامەتیدەر دەبن بۆ ئاوارەکان.

بەم هاوکاریەوە, تاوەکو ئێستا حکومەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بایی 515 ملیۆن دۆلاری بۆ کۆمەککردنی ئەو سوریانەی لە مەینەتیا دەژین چ لە ناوەوە یان لەدەرەوەی سوریا تەرخان کردوە , بەو هاوکاریانەشەوە بۆکۆمەککردنی کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای ئاوارەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان و یونیسێف و پرۆگرامی خۆراکی جیهانی تەرخان کراون.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە نوسینگەی ڕاگەیاندنی کونسولخانەی گشتی ئەمریکاوە بکەن لە ڕێی07704431653

###